# هەڵوێستی سەندیکا چاوەڕوانکراوبو



شەممە, 4٠ JUNE 2011

سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانیش وەکو
دامەزراوەی مافەکانی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان
وەڵامی هیومان ڕایتس ووچ دەداتەوە.

لەبەرامبەردا کاردۆ ئەمین سەرپەرشتیاری گشتی گروپ لەلێدوانێکی تایبەت بەسایتی ڕەسمی گروپ دەڵێت " هەڵوێستی لەمجۆرە و خراپتریش لەسەندیکا چاوەڕێ دەکەین و دەبوایە سەندیکا پێشتر دەنگی لێوە هاتبایە نەك ئێستا بێت وەڵامی نیگەرانی نێودەوڵەتی بداتەوە، چونکە لەماوەی ڕابردوو ڕۆژنامەنووس تیرۆرکراوە و ڕۆژنامەنووس لێی دراوە کەناڵی ڕاگەیاندن سوتێنراوە و گەمارۆدراوە دەستپرێژی گوللە لەپەیامنێری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوە، بەڵام سەندیکا هەڵوێستێکی ئەوتۆی نیشان نەداوە کەببێتەوە جێگەی ئومێد لەبەرئەوە بێدەنگی لەئێستاشدا باشترین کاربوو بۆ سەندیکا کاردۆ ئەمین داوا لەمیدیای ئەهلی و ئۆپۆزیسیۆن دەکات چیتر وەکو ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانی مامەڵە لەگەڵ سەندیکا نەکەن بەڵکو ئۆرگانێکی ڕاگەیاندنی هاوبەشی پارتی و یەکێتی مامەڵەی لەگەڵ بکەن . باشترین وەڵامیش بۆ ئەم دۆخە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوێکی ڕۆژنامەوانیە سەربەخۆیە کەڕاگەیاندکاری ئەهلی و ئۆپۆزیسیۆن لەخۆبگرێت بۆ ئەم مەبەستەش هەرشتێك دەکەوێتە سەرشانی ئێمە جێبەجێی دەکەین".

کاردۆ لە درێژەی لێدوانەکانیدا ڕایگەیاند: کەئەم وەڵامەی سەندیکا لەژێر کاریگەری پارتی و یەکێتی نوسراوە ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەش هیچ بایەخێك بەم وەڵامە کرچ و کاڵەکان نادات، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی باڵاتر و بەکردار وەڵامی بدرێتەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوە ڕەخنەی لەسەندیکا یاخود دامەزراوەیەك نەگرتووە تائەوان بێن وەڵامی بدەنەوە.

سەرپەرشتیاری گشتی گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان دەڵێت: دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەریەکە لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێم وەڵامی بدەنەوە و پەرلەمانی کوردستانیش بەیاسا کاربکات بۆڕێگەگرتن لەپێشێلکاری مافی مرۆڤ و لەهێرشکردنە سەر ڕاگەیاندکاران نەك بەشێوەی سادە مامەڵە لەگەڵ بلاَوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتانە بکات.

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کەئایا کاری گروپی ڕۆژنامەنوسانی بێسنوری کوردستان تەنیا دەرکردنی بەیاننامەیە ئەمین دەڵێت "نەخێر ئێمە لەڕێگەی نوێنەرانمانەوە لەووڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا و شوێنی مەبەست لەم دۆخە ئاگاداردەکەینەوە و زۆر کارهەیە کردوومانە تائێستا بلاَومان نەکردۆتەوە، بەلاَم ئەگەر بەیاننامەش بلاَوبکەینەوە

ئەگەر بزانین کاریگەری نابێت لەسەر دۆخەکە بلآویناکەینەوە ڕاشیدەگەیەنێت کەلەداهاتوودا بەرنامەی نوێ گروپەکە بلآودەکەینەوە.  ئەوەش ڕووندەکاتەوە کەلەڕابردوو هەندێ هەڵە بەسەریاندا تێپەڕێوە و ڕێگەنادەین لەداهاتوودا دووبارە ببنەوە سەبارەت بەوەی کەئایا هیچ جۆرە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان گروپی ڕۆژنامەنوسان و ئەو ڕێکخراو و سەنتەرانەی لەبواری ڕۆژنامەوانی کاردەکەن لەهەرێمی کوردستان ئەمین دەڵێت نەخێر پەیوەندیمان نیە لەگەڵیاندا بەڵکو  لەکوردستان تەنیا پەیوەندیمان لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان و ئەندامانی خۆمان هەیە و خۆ ئەگەر لایەنێك دەستپێشخەری بکات ئێمە قبوڵی دەکەین و ڕەتیناکەینەوە و دەرگامان والآیە.

شایانی باسکردنە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەی ڕۆژگارێك ڕاپۆرتەکانیان بۆ پشتگیری و چەوساوەیی مافی مرۆڤی کورد هەرێم دەنوسی ئیمڕۆ هەمان ئەو ڕێکخراوە بەشێوەی توند ڕەخنە لەحکومەتی هەرێم دەگرن بەوەی کەنەیتوانیوە لەئاست چاوەڕوانیەکاندابێت.